# غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ






بەختیار عەلی

بڕیارە لە هەفتەی ئایندەدا رۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ (بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران. ئەم رۆمانە یەکێکی ترە لە کارەکانی رۆماننووس و رووناکبیر (بەختیار عەلی)، کە نزیکەی (650) لاپەڕە دەردەچێت و بە کەمتر لە ساڵێک نووسراوە، وەک پێشتر بەختیار عەلی: شوێن لەم رۆمانەدا دەشێت هەر شارێکی کوردستان بێت لە دوای راپەڕین، زەمەنیش تێکەڵاوە، بەڵام قوسایی رووداوەکان دەکەونە ساڵی دووهەزارو چوارەوە. رۆمانەکە زیاد لە پاڵەوانێکی سەرەکیی هەیە، بەڵام غەزەلنوس کەسێکی میحوەرییە. لەڕووی تەکنیکی گێڕانەوەوە زیاد لە دەنگێک رووداوەکان دەگێڕنەوە. دەکرێت تەواوی رۆمانەکە وەک ململانێیەکی گەورە لەنێوان خەیاڵی شاعیرو خەیاڵی دەسەڵاتدا بخوێنینەوە. رۆمانەکە حیکایەتی کۆمەڵێک پاڵەوانی ئاوێنەییە، کە لە تۆڕێکی ئاڵۆزی لێکچوون و دژایەتیدا بە رێگای جیاوازدا یەک چارەنووس دووبارە دەکەنەوە.